www.kurdistannet.org
3-11-2005 23:23بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بێدەنگ کردنی نووسەرێک مانای بێدەنگ کردنی میلەتێکە ... وەهاب شاە محەمەد



نوسەران، چی ئەوانەی رەخنەگربن یان لایەنگیری بیرووبۆچوونەکان، مافی ئەوەیان هەیە کە بیرووڕای خۆیان بە ئازادانە لە رێگای نووسینەوەبێ یان دەزگا میدیاکانەوە دەربرن، بی ئەوەی هیچ لایەنێک رێگایان لێبگرێت یان هەولێ بێدەنگ بوونیان بدات، بەتایبەت لە کۆمەڵگایێک کە لەرێگای دەسەڵاتانی سیاسی بەرزەوە بانگەواز بۆ میدیای ئازاد و سەربەخۆی دەکەن. دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگا مەدەنێکان بەرگری لە ئازادی هەموو تاکەکانی ناو کۆمەڵ بێ هیچ ئاوردانەوەیێک لە بیرووبۆچوون، رەگەز، ئاین، رەنگ یان باری سیاسی و ئابووری دەکات، پێچەوانەی ئەمەش هەڵخەڵەتاندنی خوودی لایەنەکەو میلەتە. هەندی لایەنی سیاسی هەن، کەسانیک کراون بە ئەندامی و دەسەڵاتیان دراوەتێ تیای، کە کاروو بۆچوونە سەقەتەکانیان دوور لە ئاگاداری سەرانی دەسەڵاتە سیاسێکە بەرێوەدەبەن و ئەنجام دەدەن، بوونەتە تابووری پێنج لەناو لایەنەکە و مەترسێکی گەوەرەن بۆ خوودی دەسەڵاتە سیاسێکە.

دیارە هەردوو حاڵەتەکە مەترسی و هەرەشەیە بۆ نووسەران و ئەوانەی باوەریان بە ئازادی میدیاو و بیرووبۆچوون هەیە، یان ئەوانەی خواستیاری کۆمەڵگایێکی مەدەنی دیمۆکراسی ئازادن. گرتنی نووسەرێک بەهۆێ بۆچوونێکی سیاسی هەرەشەوە مەترسیە نەک تەنها بۆ نووسەرەکە خۆی، بەڵکو بۆ هەموو ئەوانەی داوای ئازادی میدیاو نووسین دەکەن، ئەگەر ئەمرۆ کەسێکی وەک د. کمال سید قادر لەبەر بۆچوونێکی تایبەتی دەگیرێ، لەدوارۆژ هەموو کەسێک نیازی رادەربرینێکی هەبیت، جیاواز لە بۆچوونی دەسەڵاتە سیاسێکە تووشی هەزارەها کێشە دەبێ بەهەموو شێوەێک بێدەنگ دەکرێ.

نووسەر لە کۆمەڵگای مەدەنی ئازادە لە دەربرینی بۆچوونەکانی، ئەگەرچی لە گەڵ بیری دەسەڵاتدار نەگونجێ، یان دژبێت، ئەگەر هەموو نوسەرێکیش بۆچوونەکانی بخاتە پاڵ دەسەڵاتدار ئەوا کۆمەڵگایێکی شموولی تاکایەتی وەک ئەوەی بەعس و زۆر لە رژێمەکانی تری دیکتاتۆرێ درووست دەبێ و ئەنجامەکەشی ماڵوێرانیە بۆ میلەت.

ئەوانەی کە تەنها غەمیان پاراستنی دەسەڵات و بەرژەوەندێکانیانە، هەموو پرنسیپە مەدەنی و دیموکراتێکان دەخەنە ژێرپێ، بەڵام بۆ جوانکردنی سیمایان لە داموودەزگاکانی میدیا، یان لەدەرەوەی وڵات باس لە کۆمەڵگای ئازاد و سەربەخۆ دەکەن، ئام جۆرە کەس و لایەنانە لە هەموو کەسێک ترسناکترن بۆ میلەت، چوونکە لە رێگای ئەو سیاسەتەوە بەردەوامی بە دەسەڵاتی سەقەتی خۆیان دەدەن و بەرژەوەندێکانی میلەت دەخەنە ژێر مەترسیەوە.

ئەوانەی باوەریان بە ئازادی میدیاو و بیرووڕا نیە رێگا لە هەموو گۆڕانکارێک دەگرن کە لە خزمەتی پێشکەوتنی میلەت و وڵاتە، تەنها بەرژەوەندیە تاکایەتی و سیاسێکانیان بەلاوە

گرنگە، هەرچی دوارۆژی کۆمەڵگاو وڵات هەیە مەسەلەیێکی لاوەکیە بەلایانەوە. ئازادی بیروورا، هەرچێک بێت، بەمەرجیک خۆی لە قەوارەی رەخنەگرتنی زانستی و ئەدەبی بگرێتەوە مافی هەموو کەسێکە و پێویستە بپارێزرێ. راوبۆچوون دەربرین مافی هەموو تاکیکی ناو کۆمەڵەو هیچ کەسێک و لاینێک مافی ئەوەی نیە رێگربێت بەرامبەری و بێدەنگی بکات. ئەوانەی بۆچوونی کەسێک و نوسەرێک بە مەترسی دەزانن بۆ دەسەڵاتیان، دەسەڵاتەکەیان لە بنەرەتەوە سەقەتەو پێویستی بە پیاچوونەوە هەیە، بەردەوامیش لە رێگاگرتن و بێدەنگ کردنی نووسەران و میدیاکان تەنها دەسەڵاتە شموولێکان دەیکەن، نەک ئەوانەی کە خۆیان بە دیموکراس و خاوەن داموودەزگا مەدەنێکان ناودەبەن.

ئەوانەی کە بەم کارانە هەڵدەستن مەترسێک و هەرەشەێکن بۆخوودی لایەنەکەو دەسەڵاتە سیاسێکە، هەرئەمانیشن میلەت لە لایەنەکەو دەسەڵاتە سیاسێکە دووردەخەنەوە، لەدووارۆژیش دەبنە هۆی هەڵوەشانەوەی ئەو دەسەڵاتە.

دەسەڵاتێک کە خۆی بە خاوەنی پارێزەری بەرژەوەندێکانی گەل دەزانی و باوەری بە پرنسیپە دیموکراتێکان هەیە هیچ پێویست بەوە ناکات لە بابەتێک و بیروورای بەرامبەرەکان بترسی، بەپێچەوانەوە دەبێ زۆر خۆش حاڵ بێت بەوەی کەسانێک هەن کەم و کۆرێکانی ناو داموودەزگاکان ئاشکرا دەکەن و هەوڵ دەدەن بۆ راستکردنەوەو و چاککردنەوەی هەڵەکان، ئەگەر بیرووبۆچوونەکانشیان هەڵەبێ ئەوە کاری خوودی میلەتە کە رووبەرووی بێتەوەو بە ناراستی بزانێ. ، نەک دەسەڵاتە سیاسێکە.

ئەوانەی کە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریان لەناو هێزە سیاسێکان بەکاردەهێنن بۆ بێدەنگ کردنی رای خەڵکی و بیروورای ئازاد کە جیاوازە لە بۆچوونەکانی دەسەڵاتە سیاسێکە، بە توونترین شێوە سزابدرێن و رێگاشیان پێنەدرێت لەوجۆرە جێانە کاربکەن و بەردەوام بن لەسەر کارەکانیان، چوونکە مانەوەیان تەنها بۆ پاراستنی بەرژەوەندی کەسانێکە کە لەدووارۆژ مەترسێکی گەورە بۆ خوودی لایەنەکە درووست دەکات.

داوا لە هەموو ئەو کەسانەی کە دەتوانن کاریگەربن لای دەسەڵاتدار بۆ روونکردنەوەی بارەکە هەوڵ بۆ ئازادکردنی د. کمال سید قادر بدەن، داوای ئەوەش بکەن کە ئەو کەسانەی بەوکارە هەڵساوون داوای لێبووردن لە نووسەرەکە خۆی بکەن. پێویستە دەسەڵاتە سیاسیکە لە ریگای داموودەگاز میدیاکانەوە ریسوای ئەوجۆرە رەفتار و کارانە بکات رێگەش بە دووبارەبوونەوەی نەدات. پێویستە رۆشنبیران و نووسەران فشاری گەورە بخەنە سەر دەسەڵاتدارانی سیاسی و یاسایی بۆ رێگاگرتن لەدووبارەبوونەوەی ئەو جۆرە کارانە کە کەسانێک ئەنجامی دەدەن کە زۆر دوورن لە خانەی بەرژەوەندێکانی میلەت.

Shah. wahab@gmail. com